## لە سایەی دیموکراسی و مافی مرۆڤەکەی PDK دا "3 منالٚ "لەگەلٚ خێزانێکدا لە گۆڕستان دەژین..!!

دەسەلاٚتدارانی کوردستان کاتێک دێنە قسە، سەری زمان و بنی زمانیان شاباشدانە بە ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و خزمەت کردنی کۆمەلاٚنی بەشەرەفی خەلٚکی خۆڕاگری کوردستان , ..و..چی وچی. بەلاٚم کە دێتە سەر ئەرزی واقع ئەوەی کە بیری لێناکەنەوە ئەو خەلٚکە بەشەرەفەیە کە سالٚهایە، لە ژێر دەسەلاٚتی حکومەتی خۆمالێدا گیرۆدەی دەستی ئەو خۆڕاگرییەی خۆیانن ، کە ئێستا لەسەر حیسابی ئەوان دەسەلاٚتداران ژیانێکی شاهانە بەڕێوە



دەیەن و تا گیرفان پڕکردنی خۆیان وەستا بێت ئەوەی خەمیان نییەو بری لێناکەنەوە خەلٚکی هەژارو لێقەو ماوی کوردستان و منالاٚنە.

هەمیشەش بەشێکی زۆری ئەم نەهامەتیە ڕوو لە منالاٚنی بێدەرەتان و بێدیفاعە. زیندو ترین نموونەش بۆ ئەمە ، وەک مشتێک لە خەروارێک ئەوەتا لە سایەی دەسەلاٚتی دیموکراسی و مافی مرۆڤەکەی پارتی دیموکراسی کوردستاندا ، خێزانێکی 5-6 نەفەری بە 3 منالٚی زۆر بچوکەوە لە هەولێر لە گۆڕستان دەژین شەوانیش منالٚە بچووکەکان لە ترسان خەو ناچێتە چاویان. ناوبەناویش کارمەندانی شارەوانی هەولێر دەچنە سەریان و داوایان لێدەکەن ئەو ژوورەی دروستیان کردووە تێکی بدەن..!!

ئەمە لە کاتێکدایە کە دەسەلاٚتدارانی حکومەتی هەولێر بۆخۆیان لە باشترین ژیان بەهرەمەندن ، بەرپرسەکانی حکومەتەکەی هەولێر بەری دەرگای مالٚەکانیان لەوە زیاتر جێگای وەستانی دوا مۆدێلی ئۆتۆمۆبێلی لێ نابێتەوە ، مالٚەکانیشیان لەوەزیاتر جێگای شتی جوان و سەیرو سەمەرەی لێ نابێتەوە، کە بێشک هەریەکەسەشیان چەندین دووکان و بازاڕوخانوویان ناوە بەیەکەوە، لە پەنا دەستی وەزیری پێشمەرگەی پارتیدا کە تازە " ئاوات "ی تەمەن 26سالٚی خواست و بوو بە ژنی پێنجەمی، لەپەنا دەستی کۆشکە ڕازاوەکانی تازە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە هەولێر، خێزانێکی 5 – 6 نەفەری ، لە پەنا گۆڕی باوکی بەدبەختیاندا کە یاریدەدەری پزیشکی بوو وە لە پێناوی بەدەست هێنانی پاروە نانێک بۆ منالٚە کانی لە بەدبەختیدا سەری نایەوە، لەناو گۆڕستان ژیان دەکەن. کەچی دەسەلاٚتدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمەشیان پێڕەوا نابین و شارەوانی هەولێر دەلێین مالٚەکەتان تێک بدەن و لێرە بڕۆن ، ئەمەیە دەسەلاٚتی دیموکراتی و مافی مرۆڤی کوردی...!!

تا ئەو جێگایەی بەم خێزانەو بە تایبەت بەو منالٚە چکۆلانە دەگەڕێتەوە، ئێمە لەسەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالاٚن، کێشەی ئەم خێزانەو بێخانەولانەیی ئەم منالاٚنە دەخەینە بەردەستی دەسەلاٚتدارانی کورستان و بەتایبەتیش بەڕێز "مەسعود بەرزانی" تازە سەرۆکی هەرێمی کورستان و " نێچیر بارزانی". بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا خانویان بۆ دابین بکەن و ئەو منالاٚنەش لە دلٚە ڕاوکێ و لە ترسان نەخەوتن ڕزگار بکەن.

شێرزاد فاتح / سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاٚن
sherzad_f@yahoo.com
www.santarimnalan.com/index.kurdish.htm

- وێنەیەک بۆ هەریەک لە بەڕێزان مەسعود بەرزانی و نێچیروان بەرزانی.
- دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بلاو کراوەکان.
- ڕێکخراوەکانی مافی منالاٚن و Unicef , Unhcr & Unesco .